www.kurdistannet.org
02/07/2003 00:45

# ئەم هەنگاو و بڕیارانەی ناکرێ بێدەنگیان لێبکرێت

شاخەوان شۆڕش

بەهۆی چوونی ئەمەریکا بۆ عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس گەلێ گۆڕان کەپەیوەستداره بەهاوکێشەی هێز و پەیوەندی نێوان وڵاتانی ناوچەکە لەئارادان و دەکەونە بەرچاو. کوردستانی داگیرکراو بەتایبەتی بەشی رزگارکراوی باشوور شوێنی گرنگی لەگۆڕانکاریەکاندا هەیەو لەمبارەیەوە ووتەو باس سەبارەت بەئاییندەی ئەم پارچەیەی کوردستان بەچڕی لەئارادایە. عێراقچیەکانی لێدەرچێ، چ کورد چ بێگانە باس لەدەرفەتی گونجاو بۆ دامەزراندنی ستاتێکی سەربەخۆی کوردان دەکەن. کێشە لەسەر خاك و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوایەتی نەتەوە جیاجیاکانی ناوچەکە ناووکی ململانێ دیپلۆماسیەکانن و پەیوەستدارن بەهەموو هەنگاو و بڕیارە رامیاریەکانی سەرانی نەتەوە جیاجیاکان و ئەمەریکا لەناوچەکەدا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرانی یەکێتی و پارتی کەنوێنەرایەتی کورد دەکەن تا چ ڕادەیەك بڕیارو هەنگاوەکانیان لەگەڵ داخوازیەکانی خەڵکی کوردستاندا گونجاوەو تا چ ڕادەیەك لەگەڵ بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کورد گونجاوە؟ من پێوانەی ڕادەی گونجاویی بڕیارو هەنگاوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی بەگونجاویان لەگەڵ بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کوردا دەکەم. چونکە ناسیۆنی کورد گەر خاوەنی ستاتی سەربەخۆش نییە، بەڵام وەك هەر ناسیۆنێکیتر خاوەنی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیەتی. دیارە گومان لەوەدا نییە هەشت ساڵ دابەشکردنی باشووری کوردستان، شەڕی ناوەخۆ، ڕێککەوتن و پەیمان بەستن لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەر لەدژی یەکتر هتد. . هەمووی دژی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کورد بوون و زیانی زۆریان بەکورد گەیاند. دیارە مەبەست و سەرنجی ئەم بابەتە پەیوەستدارە بەکێشە هەنوکەییەکان.

گومان لەوەدا نییە، بڕیاری یەکدەنگی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەهاوپەیمانیەتی ئەمەریکاو بەشداریان لەپرۆسەی رزگاری عێراقدا هەنگاوێکی زۆر گونجاو و باش بوو. ئەم بڕیارە دەرکردی پرۆسەیەکی پەرلەمانتاریانەی دیموکراسیانە نەبووە، بەڵام لەلایەن زۆربەی شارەزایان و خەڵکی کوردستانەوە بەپۆزەتیڤ دانراوەو پشتگیری دەکرێت. ئەم هاوپەیمانیەتیەی ئەمەریکا وایکرد شوێنی کورد لەناوچەکەدا بەهێزبێت و ئەمەریکاییەکانیش بەچاوێکی پۆزەتیف سەیری ناسیۆنی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بکەن کەرەنگە ئەمە ببێتەهۆی بەدەستهێنانی داهاتووێکی پرشنگدار. دیارە ڕادەی هوشیاری سەرکردایەتی کورد لەگونجاویی هەنگاو و بڕیارەکانیاندا دەتوانێ رۆڵی دیار لەبڕیارە رامیاریەکانی پەیوەستدار بەناوچەکەو کوردستانەوە ببینێت. بۆیە ئەم هەنگاوانەی تاکگەراییان پێوەدیارە، یا پەیوەستدارن بەناکۆکی رابردووی ئەم دوو پارتە یا بەبێ تاوتوێکردنی پێویست یا بەبێ پرسی شارەزایان و خەڵك دێنەئاراوە، بەئەگەری زۆر لەئاستی داخوازیەکانی نەتەوە نابن یا زیان بە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کورد دەگەیەنن. ئاشکرایە لەتەك هەنگاوە پۆزەتیڤەکاندا، هەنگاو و بڕیاریش هەن، گەر زۆر نێگەتیف نەبن ناتوانرێ بەگونجاو و پۆزەتیف دابنرێن. دەمەوێ باس لەیەکدوو هەنگاو یا بڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی کەجێگای ڕەخنەن و ناکرێ بێدەنگیان لێبکرێت، بکەم. بەرلەوەی بێمەسەر بابەتەکان، دەبێ ئەوە بگوترێ کەوا پێویستە هەڵوێست و بیرو بۆچوونی خەڵکی کوردستان شوێنپەنجەی دیارو گرنگی لەهەر بڕیار و هەنگاوێکی هەستیاری پەیوەستدار بەبەرژەوەندی نەتەوایەتی هەبێت و ناکرێ هەڵوێستی خەڵك لەبڕیارو هەنگاوە گرنگەکاندا فەرامۆش بکرێن، گەر لایەنی دەسەڵاتدار بانگاشەی دیموکراسی و ئازادی بکات. لەسیستەمی دیموکراسیانەدا جێپەنجەی خەڵك بەراشکاوی لەبڕیارە گرنگە نەتەوایەتیەکاندا دیارەو دەسەڵاتی هەڵبژێردراو بۆی نییە یەکلایەنەو بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵك یا نوێنەرانی خەڵك بڕیار بدات. شایانی باسە هەردوو دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی ڕەوایەتیان لەدەستداوەو ناتوانری لەم بارودۆخەیاندا بەدەسەڵاتی هەڵبژێردراوی خەڵك دابنرێن.

یەکێ لەم بابەتانەی بووەهۆی سەرسوڕمان و پرسیار دروستکردن، باسی شاری موسڵ بوو. وەك ئاشکرایەو لەچەندین بۆنەدا، سەرکردەی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار موسڵیان کردە شاری عەرەب و دەستیان لێی شوشت! ئایا ئەم بڕیارەیان تا چ ڕادەیەك گونجاوە؟ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئەوان چەند دەمەتەقێیان لەسەر ئەم بابەتەکردو چەند خەڵکی کوردستانیان لەبابەتەکە

ئاگادارکردەوە!؟ ئەوان چەند لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خۆیاندا دەمەتەقێیان سەبارەت بەمە کردو بیروبۆچوونی خەڵکی شارەزایان وەرگرت!؟ ئەوان لەچ دەزگایەکی یاسایی کوردستانەوە کەلەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هەڵبژاردرابێت ئەم بڕیارەیان وەرگرت یا ئەم ڕاسپاردەیان پێدراو دەسەڵاتی دەربڕینی ئەم هەڵوێستەیان پێدرا!؟ ئایا پەرلەمانەکەی ئەوان (کەساڵانێکە ڕەوایەتی لەدەستداوە) چەند لەم بابەتە ئاگادارکرانەوەو ئەم پەرلەمانە چەند تاوتوێی ئەم بابەتەیکردو بەم بڕیارە گەیشت؟ ئایا ئەوان بەپێی چ یاسایێکی پەسندکراوی خەڵکی کوردستان، ئەم ماف و دەسەڵاتەیان داوەتە خۆیان؟ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ڕۆژانە ناوی چەمکەکانی دیموکراسیەت و ئازادی دێنن، ئایا ئەوان چۆن لەواتای ئەم چەمکانە گەیشتوون؟ ئەوان زۆر بەگەرمی بانگاشەی فیدرالیزم دەکەن، یەکێ لەخاڵە بنچینەیی و گرنگەکانی سیستەمی فیدرالیزم زیاتر دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و بڕیارەکانە، چون دەزگاکانی دەسەڵات و بڕیاردان لەخەڵك نزیکتر دەکەونەوەو بەمجۆرە خەڵك کاریگەریان لەسەر بڕیارە چارەنووس سازەکاندا زیاتر دەبێت. بەڵام ئایا ئەوان چۆن لەڕۆڵی خەڵك لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدرالیدا گەیشتوون؟ دیارە ئەوان ئەم ڕاستیە دەزانن، کەوا بەر لەدروستکردنی عێراق و بەر لەلکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراق، شاری موسڵ نە شاری عێراق بووەو نە شاری عەرەبیش بووە. لەم بارودۆخەی ئێستاداو دوای سەدەیەك پۆلیتیکی بەعەرەبکردن، شارۆچکەو دێهاتەکانی ڕۆژهەڵات، سەروو و ڕۆژئاوای موسڵ زۆربەیان کوردنشینن و سەدان هەزار کوردیش لەناو شارەکەدا دەژین. دیارە کێشەی خاك و دیارکردنی سنووری خوارووی کوردستان یەکێ لەپرۆسیسە پڕ لەکێشەکانی ڕابردوو بووە، ئەم کێشەیەش واپێناچێ هەروا بەئاسانی کۆتایی بێت، بۆیە جێگای سەرسوڕمانە کەوا بەبێ هیچ دانوستان و گفتوگۆیەك واز لەبەشێکی دیاری خاکێکی کێشەلەسەردا بهێنرێت. پاشان ئەمە کێشەی خاکەو هیچ سەرکردەیەك بۆینییە یەکلایەنە بابەتی پەیوەستدار بەخاك و نیشتیمان یەکلابکاتەوە. بابەتێك کەپەیوەستدارە بەبەرژەوەندی نەتەوەو گشت، ناکرێ بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵك یا نوێنەرانی خەڵك بڕیاری لەسەر بدرێت.

بابەتێکی دیکەی گرنگ کەبووەهۆی هەراسانی زۆرکەس، بابەتی مۆرکردنی ڕێکەوتنە نەوتیەکەی نێوان یەکێتی و تورکیا بوو. دیارە سەرکردایەتی یەکێتی هەڵساوە بەمۆرکردنی ڕێکەوتنێکی بازرگانی لەگەڵ دوو کۆمپانیای نەوتی تورکیا بەناوی کۆمپانیای پیت ئۆیل و ژەنەراڵ ئێنەرگی (گوایە ئەم ڕێکەوتنە دوو ساڵ لەمەوبەر هەنگاوی بۆنراوە) لە ڕێککەوتی ١٤. ٠١. ٢٠٠٣دا، ئەم دوو کۆمپانیایە مافی دەرهێنانی نەوتی ناوچەی تەقتەقیان بۆ ٤٠ ساڵ کڕیوەو بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ٤٩٪ ی سەرجەمی نەوتی دەرهێنراو بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ دەدرێتە ئەم کۆمپانیا تورکیانە. بەپێی هەواڵەکان ئەم ڕێکەوتنە دوای ڕەزامەندی ژەنەڕاڵەکانی سوپای تورك و وەزارەتەکانی ووزەو دەرەوەی تورکیا ئەنجامدراوە، بەمجۆرە واپێدەچێ بەشێکی نەزانراوی قازانجەکە بۆ حکومەتی تورکیا بچێت. گوایە ئەوسا ئەمەریکا و بەریتانیا هیچ هەڵوێستێکی دژانەیان سەبارەت بەم ڕێکەوتنە پێشان نەداوە. ئەم ڕێکەوتنە لەلایەن یەك لەپارت و دەسەڵاتی باشووری کوردستان ئەنجامدراوە. ئەم ڕێکەوتنە کاتێك هەنگاوی بۆنراوە کەبەربەرەکانێی نێوان دوو دەسەڵاتەکەی کوردستان لەبوارە دیپلۆماسیەکاندا لەئارادا بووەو هەریەکەو بەگوێرەی بەرژەوەندی پارتەکەی خۆی هەنگاوی ناوە، بۆیە ئەم ڕێکەوتنە مەبەستێکی پۆلیتیکیانەی لایەنێکی پێوەدیارەو پەیوەستداری بەبارودۆخی ڕامیاری ئەوساوە هەیە. دیارە تورکیا بەیەکێ لەدوژمنە سەرسەختەکانی کورد دادەنرێت و بەهێزبوونی تورکیا بەتوانابوونیەتی لەپاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوایەتیەکانی خۆی، بەمجۆرە خنکاندنی هەر هەوڵێکی ڕزگاریی نەتەوەی کورد لەباکووردا، هەروەها بەهێزبوونی تورکیا لەبەرەنگاربوونەوەی ئازادی زیاتری کوردان یا هەر هەوڵێکی سەربەخۆیی لەبەشەکانیتری کوردستاندا. بەکورتی قازانج بۆ حکومەتی تورکیا واتە بەهێزبوونی ئابووری تورکیا بەمجۆرە بەهێزبوونی تورکیا لەپاراستنی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەیدا، لەهەمانکاتدا زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کورد. بۆیە لەم تێگەیشتنەی سەرەوەدا کەزۆرکەس تەبان لەسەری، جێگای سەرسوڕمانە کەوا ڕێکەوتنێکی لەمجۆرە لەگەڵ تورکیادا مۆربکرێت. جگە لەمانە، کۆمپانیای تورکی نەباشترین و نەهەرزانترین کۆمپانیان کەرێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت. کۆمپانیای تورکی بەساختەکاری و بێبەڵێنی ناسراون و گومان لەوەدایە لەبواری چۆنایەتی کارەکانیاندا لەئاستی گونجاودابن. کۆمپانیا نەوتیە ڕۆژئاواییەکان لەهەموو ڕوویەکەوە زۆر لەتورکەکان بەتواناترن و لەچۆنایەتی کارەکانیاندا باشترینن. گەر مەبەستیش دۆزینەوەی ڕێکەوتنێکی هەرزانە ئەوا کۆمپانیای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا یا خواروو و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕەنگە لەتورکەکان کاریان هەرزانتر بێت و لەچۆنایەتیشدا لەتورك باشتر نەبن خراپتر نین، گەلێ مۆڤانەتریش بەکارەکانیان هەڵدەستن و هیچ هەڕەشەیەکیش بەرامبەر بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد دروست ناکەن. دیارە ئەمەریکا و بەریتانیا کەئێستا دەسەڵاتی عێراقیان بەدەستەوەیە هەمان تێڕوانینی

www.kurdistannet.org

پێش جەنگی عێراقیان بەرامبەر تورکیا نییە و ئەوان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هەموو سەرچاوە نەوتیەکانی عێراقدا هەیە، بۆیە ڕەنگە ئەم ڕێککەوتنە سەرنەگرێ‌و هەڵبووەشێتەوە.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێ، ئەمجۆرە هەڵسوکەوتەی یەکێتی‌و پارتی و بڕیاردانی بەم شێوەیە لەسەر بابەتی هەستیارو گرنگی پەیوەستدار بەبەرژەوەندی نەتەوایەتی لەگەڵێ لایەنەوە کێشەیان لەگەڵ پرۆسەی بڕیاردان هەیەو ناکۆکن لەگەڵ پرینسیپەکانی بڕیاردان لەسیستەمێکی دیموکراسیانەدا. ئەمە جگەلەوەی دەسەڵاتەکانیان ڕەوایەتیان لەدەستداوەو ناتوانرێ بەدەسەڵاتی هەڵبژێردراوی خەڵك دابنرێن. بۆیە ئەم هەنگاو و بڕیارانە کەڕەنگ لەبیروبۆچوونی پۆلیتیکیانەی خۆیان دەداتەوە ناکرێ ڕاستەوخۆ بەهەنگاوی گونجاو بۆ بەرژەوەندی ناسیونالانەی کوردا دابنرێن و دەکرێ زیانبەخشبن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت